**عەبدوڵڵا سەمەدی**

مەهاباد 21 Feb 2007

S_abdullahsamadi@yahoo.com

# هەواڵی کۆچی دوایی‌ی عومەر ئاغای عەلیار



عومەرئاغا عەلیار لە کتێبخانەی ماڵی خۆیدا.

مەهاباد، هەینی، 26ی گەلاوێژی 1380

عومەرئاغا عەلیار، کەسایەتیی ناوداری موکریان، دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممۆ، 2ی ڕەشەمەی 1385ی هەتاوی، ڕێکەوتی 21 Feb 2007 لە تەمەنی 86 ساڵیدا، لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد.

عومەر ئاغا عەلیار، کوڕی ***عەلی‌ئاغای حاجی ئێلخانی***( ئەمیر ئەسعەد)، ساڵی 1299ی هەتاوی[=1920]، لە گوندی ***ئاختەتەر*** ی دەڤەری ***بۆکان*** لە دایكبوو.

بنەماڵەی عەلیار لە عەشیرەتی ***دێبۆکری ن***. ئەو عەشیرەتە لە دوایین ساڵەکانی سەلتەنەتی ***نادرشای هەوشار*** و سەرەتای هاتنە سەر کاری ***کەریم‌خانی زەند***، لە ***ئامێدی*** باکووری کوردستانەوە هاتوونە موکریان. هەوەڵجار لە گوندی ***بەیرەمۆی*** نزیك ***شاوەلەی پیرانشار***نیشتەجێ بوون، و پاشان بە یەکجاری هاتوونە گوندی دێبۆکر و هەر بەو بۆنەشەوە بە ***دێبۆکری*** نێو براون. بەڵام بەر لە هاتنیان، لە ئامێد بە ***عەشیرەتی قارەمانی*** ناسراون، و ئێستاش یەکێك لە تیرەکانی دێبۆکری، لە ناوچەی موکریان، ئەو ناوەیان وەکی شۆرەتی بنەماڵە، هەر لەسەر ماوە.

لە سەردەمی هاتنیان بۆ ناوچەی موکریان، سەرۆکایەتی عەشیرەکە، بە دەست ***بەیرەم‌ئاغا***وە بووە. گڵکۆی بەیرەم‌ئاغا لە گۆڕستانی ***پیروبایزی*** باشووری ڕۆژئاوای مەهاباد، بە وارشێك نیشانەکراوە و ئێستا ماوە. ئەو گۆڕستانە دەکەوێتە نێوان دوو گوندی دێبۆکر و ***قازی‌ئاوا***.

بەیرەم‌ئاغا، کوڕی عەرەب‌ئاغا، کوڕی ئەحمەدئاغا بووە، و لەو ساڵەدا بە ئامانجی وەدەستخستنی ژینگەیەکی باشتر، عەشیرەتی قارەمانی ڕێبەری کردووە و کۆچی پێداون تا لە موکریان گیرساندوونییەوە. ئێڵی***ئەشکەوتی***ش لەو کۆچەدا بەشدارییان کردووە و لە ئامێدەوە لەگەڵ قارەمانییەکان هاتوونە موکریان.

هاتنی عەشیرەتی دێبۆکری بۆ موکریـان، ئـاڵوگۆڕێکی بەرچاوی لـەم ناوچـەیەدا بـەدیهێنـا. ئـەوان بـە پێـی پـلان و بەرنامەیـەکی ڕێکوپێـك و لـە ژێـر دەسـەڵاتی سـەرۆکایەتییەکی لێهـاتوو و بـە هێـزدا، توانییـان شـوێنە گرینگـەکانی مەهاباد و میاندواو و بۆکان بگرنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و بۆ ئاوەدانکردنـەوەیان تێبکۆشـن. گـەورەترین بەرهـەمی کشتوکاڵیان تێدا وەدەست هێنان و خوێندنگەو مزگەوتی ئاوەدانیان تێدا وەڕێخستن و مامۆسـتای زانـا و لێهاتوویـان بـۆ دابـین کـردن. تەنانــەت لــە شــاری سابلاغیــشدا تــا ســەردەمی ئێمــە، شــوێنەوارەکانی دێبۆکریــان، بەتایبــەت ***هەباس ئاغای دێبۆکری***، هەرماون.

هەروەها لە رووداو و کارەساتە مێژووییەکانی موکریاندا هەمیشە دەوری بەرچاویان هەبووە و لـە شـەڕی یەکـەمی جیهانیدا [1917=] بـە مـاوەی بیسـتوچـوار سـەعات لە ***کلکـەی قەمـچی*** نزیـك میانـدواو، توانییـان لـە بەرامبـەر چاردەهەزار کەس قشوونی رووس بە سەرۆکایەتی ژێنراڵ ***ریبال چینکۆف***دا راوەستن.

هەوەڵ خوێندنگەی شاری بۆکانیش لە ساڵی 1307ی هەتاوی[1928=] بە هەوڵی عەلیئاغای ئەمیر ئەسعەد و بە هۆی ***عەلیبەگی حەیدەری*** نوێنەری شاری مەهاباد لە مەجلیسی ئێران، بە ناوی ***مەدرەسەی شاپوور*** کرایەوە.

" ئەمیر ئەسعەد"ی باوکی عومـەرئاغا، کـوڕی حـاجی محەممـەدئاغای ئیلخانی( حـاجی ئێلخانی)، کـوڕی مـارفئاغـا، کوڕی رەسووڵئاغا، کوڕی بەیرەمئاغا، لە ساڵی 1262ی هەتاوی [1883=] لە گونـدی ***تازەقـەڵای*** نێـوان مـەهاباد و بۆکـان، لـە دایکبـوو. ئـەو لێهـاتووترین سـەرۆك عەشـیرەتی دێبۆکریـان بـووە و لـە سـەرجەمی رووداوە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆیدا دەوری بەرچاوی هەبووە.

عــەلیئاغــا لــە ســاڵی 1328ی هــەتاوی،[1949=] لـە گونـدی ***ئوشـتەپە*** کۆچـی دوایـی کـرد و لـە گومبــەزی ***حەمامیان***نێژرا.

ئێڵی دێبۆکری پێنج تایفەن، کە بریتین لە تایفەگەلی: (***مارفئاغا، حەمەد ئاغا، هەباس ئاغا، سڵەمان ئاغا، شێخ ئاغا)***. بنەماڵەی عەلیار، لە تایفەی ***مارف ئاغا***ن.

عومەر ئاغا عەلیار خوێندنی سەرەتایی لە شاری بۆکان و هەمان خوێندنگەی ***شاپوور*** کە پێشتر باسـی لێکـرا، تـەواو کرد و لە رەزبەری ساڵی 1315ی هـەتاوی [1936=] بـۆ خوێنـدنی ناوەنـدی ڕوویکـردە تـەورێز. پلـەی ناوەنـدی عەسکەری لە خوێندنگەی ***روشدییە*** گوزەراند و ساڵی1320 [1941=]***دیپلۆمی ریازی*** وەرگرت، بەڵام رووداوەکانی ***گەلاوێژی 1320***ی ئێران بووبە هۆی تێکچوونی بارودۆخی وڵات و ئیتر ئەو نەیتوانی لەوە پتر درێـژە بـە خوێنـدن بدات. ئەوە بوو کە گەڕایەوە لای باوکی و ئـەرکی مونـشیگەری ئـەوی وەئەسـتۆ گـرت. بـەو بۆنـەوە زۆربـەی نامـە و پێوەندییەکانی کاروباری عەشـایر و رووداوەکـانی ئـەو سـەردەم، لـە ژێـر ئاگـاداری عومـەرئاغادا بـوو. ئێـستا سـەدان لاپەڕە دەستنووس و قەباڵە و بەڵگەنامەی مێژوویی، لە پەرتووکخانەکەی ئەودا، ئارشیوێکی گەورە و هێـژایان پێـك هێناوە کە بۆ ساغکردنەوەی مێژووی کوردستان بە گشتی و موکریان بە تایبەتی، گەلێك گرینگ و پڕ بایەخن.

عومەرئاغا لە ساڵی 1315 ەوە تا 1381، بـە مـاوەی 66سـاڵ، لەگـەڵ کتێـب ژیـا. کتێبخانـە گـەورە و بـچووکەکانی وڵاتی پشکنی و سەرچاوەیەکی مەزنی ***کوردناسی*** و ***ئێرانناسی*** و ***مێژوو*** ی لە ماڵی خۆیدا پێكهێنا کـە هەڵبـژاردەی گرینگترین و نایابترین سەرچاوەکانن لەم مەیدانەدا.

لـە سـاڵی 1365 ەوە تـا 1381، بـە مـاوەی 16 سـاڵ، بەرهـەمی موتـاڵا و ئەزموونـەکانی خـستە چوارچـێوەی پـەرتووکێکی مێـژوویی بـە زمـانی فارسـی، بـە نـاوی ***مهابـاد بـر قلـەی تـاریخ***، [مـەهاباد لەسـەر لووتکـەی مێـژوو]کـە

دەستنووسێکی بایەدار و خۆشخەتە و لە هاتنی ***میرسێوەدینی موکری***(877ی مانگی) ڕا هەتا ساڵی 1370ی هەتاوی [1991 - 1472] گرتووەتەخۆ و باسی 519 ساڵ مێژووی موکریان بە گشتی و مەهاباد بە تایبەتی دەکا. دەستنووسەکە بە خەتی عومەرئاغا خۆیەتی و 315 لاپەڕەیە و بریتییە لە دوو بەش. بەشی هەوەڵ کە 222 لاپەڕەیە، لە مێژووی موکریان دەدوێ، و بەشی دوویەم کە 93 لاپەڕەیە، کورتەیەکی مێژووی کوردستان و ڕووداوەکانی باشوور باس دەکا. پێشەکی کتێبەکە زۆر گرینگە و هەروەها سەدان وێنە و قەباڵە و بەڵگەنامەش لە پاشکۆدا، نرخی کتێبەکەیان تا رادەی ***ئینسکلۆپێدیا***یەکی مێژووی موکریان بردووەتە سەر. یەك لەو بەڵگەنامانە، شەجەرەنامەیەکی ئێڵی دێبۆکرییە، کە لە قەوارەی 3×1/5 میتر دا، پشتاوپشت و بە بێ لەقەڵەم خستنی تاکە کەسێك، لە دوایین رۆژی ژیانی خۆیەوە تا سەردەمی نادرشای هەوشار، سەرجەم بەرەی ***بەیرەمئاغا***ی گرتووەتەوە و هەر تیرە و تایفە بە ڕەنگێکی جیاواز دیاری کراوە.

هیوای گەلی ئێمە ئەوەیە کە ئەم پەرتووکخانە بە نرخە و ئەم دەستنووسە هێژایە، کە لە راستیدا سامانێکی نەتەوەیییە، بە هەوڵ و دڵسۆزی کاك عەبدوڵلا ی کوڕی عومەرئاغا، و بنەماڵەی بەڕێزی عەلیار، بپارێزرێ و هەر بە دابی گەورەماڵی کوردەواری، جێگەی رووناکی بەخشین و کەڵكوەرگرتنی هۆگران و سەوداسەرانی فەرهەنگ و مێژووی کوردستان بێ.

---



تەورێز، دەبیرستانی نیزام، بانەمەڕی 1320